## بەڕاستمە خۆرنەوەزان! .. دەبارەت بە سەقەت کردنی گۆشەیەک لە ژمارە (78) ی خۆرنەوەزان-دا ... بەمۆ ئیبراهیم

bemocaf@yahoo. com

* هەڵبەت شەرمێیە بۆ من، تا دوێنێ قەڵەمەکەم لە ماڵێکدا تاو دابێت، کە سەرجەم دەروازەکانی خۆی بۆ والآکردبێتم، ئەمڕۆکەش بێم دوور لە عورفی ڕۆژنامەوانی لەسەری بنووسم. وەلێ ناشکرێ مرۆڤ لە ئاست هەندێ مەسەلەدا چاو بنوقێنێت و ژێر پێبیکات، چونکی یان دەبێ ویژدانت هەمیشە بریندارببێ و خوێنی بچۆڕێت و هیچ نەڵێی، یان دەکرێ ویژدانت ئاسوودە بکەیت و بێیتەگۆ، ئەوجایش خەڵکانی بوودەڵە لە خۆت بخەیتە بۆسەوەو چاوەڕێی ناو و ناتۆرەکانیانبی، کە لێتی دەنێن. . !

* ئەو گێرمەو کێشەیەی کە هاوڕێیانی خۆرنەوەزان تووشی بوون، دەکرا بە گفتوگۆی زیاتر چارەسەربکرابایە، نەك بەهۆی یەکتر نەخوێندنەوەو حیساب نەکردن بۆ ڕای ئەویتر، پرۆژەکەشیان بەرەولێواری تیاچوون بئاژوون، بێگومان ئەو حاڵەتەی (خۆرنەوەزان) ی تێکەوتووە، پەتای نێو زۆبەی دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی ئەمڕۆی کوردستانە، بەڵام گەورەترین غەدرێك، کە (خۆرنەوەزان) کردی، ئەوەیە کە بینیمان لە کۆی خەڵکانێکی زۆر، تەنیا چوار کەس لە هەفتەنامەکەدا مانەوە (خاوەن ئیمتیاز، سەرنووسەر و دوو جێگرەکەی)، کە هەڵبەت ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە لە (خۆرنەوەزان) ڕای جیاواز جێگەی نابێتەوە. . !

* کاتێك بڕیارمدا نووسینەکانم لە (خۆرنەوەزان) دا بڵاوبکەمەوە، لەسەر داوای هاوڕێم کاك (ئاری عوسمان خەیات) بوو، کە پێموایە هەر ئەویش بوو، بە هاوکاری هاوڕێ جیابۆوەکانی، گوروتینێکی دابۆوە هەفتەنامەکە، دواتر هەر ئەو داوای لێکردم، گۆشەیەکیان بۆ بنووسم، ڕازیبوونم لەسەر ئەو داوایەش هەر بۆ خاتری ئەو بوو، چونکە هەمووماں باش ئاگاداری باری ڕۆژنامەوانی گەرمیانین، کە چۆن هەمووی لە ڕێگەی هاورێیەتی و ڕەفاقەتەوە دەچێتەڕێوە، (خۆرنەوەزان) یش (ئاسۆشێتدپرێس) نییە، تا بەدەر بێت لەو حاڵەتە. سەبارەت بە ئاستی گۆشەکەش، ئەوا خوێنەران ئەتوانن ببنە سەنگی مەحەك، ئەمە لە کاتێکدا، من بۆ خۆمیش پێموایە نەمتوانیوە لە هەڵە و کەموکورتی بێبەریی بم.

* کە زانیم (خۆرنەوەزان) لەنێوەخۆیدا، تووشی گرفتێکی وا کوشندە بۆتەوە، لای خۆمەوە بڕیارمدا، چیتر بۆی نەنووسم و واز لە گۆشەکەش بێنم، ئەوە بوو لەگەڵ کاك (ئاری) دا لەو بارەیەوە قسەمان کرد، ئەو وتی: ئەگەر منیش لەوێ نەبم، بۆ ژمارەکانی داهاتوو، یەك دوو بابەتێکی گۆشەکەت بە تایپکراوی لە ئۆفیسی (خۆرنەوەزان) حازرە. . (ئەوەی بە بیرم بێت، وتی: کەرکوك و کۆمەنیست، مەحاکمی ئیسلامی و. . هتد، تایپکراون و حازری بڵاوکردنەوەن)، بۆیە هەمدیس بۆ خاتری ئەو، قایلبووم، کە ئەو چەند بابەتەشم دابەزێت، بەو نیازەی دواجار دوانووسینی خۆم بۆ (بەڕاستمە) بنێرمە (خۆرنەوەزان) و بەوەش دەست لە گۆشەکە هەڵبگرم، بەڵام ئەوەی تووشی شۆکی کردم، ژمارە (78) ی خۆرنەوەزان بوو، کە جگە لەوەی گۆشەکەمیان سەقەت کردبوو، تۆمەتی ئەوەشیان دابۆوە پاڵ (ئاری خەیات)، کە گوایە دەستی بەسەر بابەتەکانی مندا گرتووە! بۆیە بە پێویستم زانی، من لە بری ئەو، ئەم ڕوونکردنەوەیە بنووسم، چونکە دواجار (بەڕاستمە) موڵکی من بووەو لەوێدا هەوڵیانداوە لەپاڵ داواکردنی لێبووردن لە من و خوێنەران، شتێك بدەنە پاڵ ئەو پیاوە، کە لە ڕاستیدا نەدەبوو بیانکردایە، چونکە نە من پێویستم بەو گۆشەیە هەبووە، ئەگەر پێوەندی هاوڕێیەتی نەبووایە و نە (ئاری) یش هێندە کەسێکی دڵ پڕ لە کینەیە تا دەست بەسەر بابەتی مندا بگرێ تەنها بۆ ئەوەی خۆی لە خۆرنەوەزان دوورکەوتۆتەوە، گریمان دەستیشی بەسەردا گرتووە، ئەوا پێوەندی بە من و خۆیەوە هەیەو دوور نییە هەموو کاتێکیش من ڕامسپاردبێ، کە چۆن چۆنی مامەڵە بە بابەتەکانمەوە دەکات بیکات، بۆ ئەوەی خوێنەرانیش بزانن کە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

نووسینی من لە (خۆرنەوەزان) دا بە بۆنەی (ئاری خەیات) ەوە بووە، ئەوەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، هیچ دەستخۆشی و ڕەخنە و گللەیی و تەنانەت هەواڵپرسینێکیشم لەلایەن هیچ یەك لەو بەڕێزانەوە بە ڕاستەوخۆ پێنەگەیشتووە، هەتا ئێستا وەك ئەوەی بیانەوێ هەقی من لە گەرووی ئاری دەربهێنن، بوختانی بۆ هەڵبەستن. . ئەو کردەوەیش کە بەڕێزتان نواندتان دەیسەلمێنێ، کە ئەو پیاوە و هاوڕێکانیشی، (خۆرنەوەزان) یان وەك پرۆژە بە دڵە، بەڵام گەندەڵی و خۆ خەریککردنیان پێهەزم ناکرێ. . !! بەدیویێکی تریشدا دەڵێم: "بڕیاری من بۆ بەردەوام نەبوون لەو گۆشەیە، ئەوەندەی پێوەندی بەوەوە هەیە، کە لە شوێنێکدا چاکسازی ڕاوبنرێ و وەلائی بەرژەوەندیخوازی بەهێزبێ، منیش ئیمانم بەو شوێنە نامێنێ، ئەوەندە پێوەندی بە دەست لەکارکێشانەوەی ئەو برادەرانەوە نییە. . ئەمەش بۆ ئەوە ئەڵێم، تا خۆتان بە نووسینی وەڵامێکەوە بۆ من، قەڵس نەکەن و بوختانێکیشم پیاهەڵنەواسن وبڵێن: ئەها. . نەمانزانی تۆیش (کوتلە) دەرچووی!!

* لە کۆتاییدا: سوپاس بۆ ئەو غەدرە و مالیش‌َتان ئاوا خۆرنەوەزان.

سەرنج:

پێشتر ئەم ڕوونکردنەوەیەم بۆ خۆرنەوەزان نارد، بەڵام بڵاویان نەکردەوە،
وادیارە زۆریان بەلاوە گرانە، شتێکیش لە ڕاستی و حەقیقەت بڵاوبکەنەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.